**ڕاگەیاندنی ژمارە - 12 -**

## ڕاگەیاندنێك سەبارەت بە گفتوگۆی تەلەفۆنی ژوری کوردستان یونایتد
## لەگەڵ د.کەمال سەید قادر

22 ی ئەم مانگە ژووری کوردستان یونایتد گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەریز د.کەمال سەید قادر ئەنجامدا، کە تیایدا دکتۆر کەمال چووە سەر چەندین مەسەلەی جۆراوجۆر، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی زیندانیەکەی، ئازادکردنی بە کەفالەت و مەرجەوە، وەزعی ئێستای و چۆنیەتی بێسەروشوێن کردنی ودادگای کردنەکەی و دۆخی ناوزیندان و ڕەفتاری هێزەکانی ئاسایش لەگەڵیدا.........تاد.

سەرەتا ئێمە وەکو کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆرکەمال سەید قادر لەکاتێکدا پێشوازی لەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای 30 سال زیندانی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر دەکەین و هیوادارین لە زووترین کاتدا ئازادبکرێت و بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیی. هاوکات ئێمە پێمان وایە تا د.کەمال لە زینداندابێت، و هێزەکانی ئاسایش بەسەر سەریەوەبن، بیروبۆچون و هەڵوێستەکانی بەبیروبۆچونی ئازادانەو دڵخوازانەی خۆی نازانین، و لەو سۆنگەیەشەوە، دەڕوانینە ئەم گفتوگۆیە کە لەگەلیدا ئەنجامدراوە و ئەو قسەباسانەی کە د. کەمال کردویەتی.

هەروەها ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەبێت ئازادبوونی دکتۆر کەمال بێقەید و مەرج بێت. هێنانە گۆری مەرج و کەفالەت وەرگرتن ڕەفتارێکی ناتەندروستەو ڕەفتاری ئەو دەوڵەت و هێزە دوکەوتوانەیە کەدەیانەوێ لە ڕێگای " تۆبە" پێکردن بە نەیارانی سیاسیان خەڵکی نەیارو ناکوك بەسیاسەت وکارنامەی خۆیان، بترسێنن و دەستەمۆبکەن. کەمپەینێکیش کە ماوەیەکی زۆرە وەڕێکەوتووە، بەمەبەستی ئازادی بێقەیدو شەرتی دکتۆرکەمال و قەرەبوکردنەوەی زیانە مادی و مەعنەویەکانی ناوبراو بووە، نەك ئازادکردنی بەهەر نرخێك!.

هەر لێرەدا ئەوە بە هەموو خەڵکی ئازادیخواز و خەمخۆرانی ئازادی سیاسی و بیرورا، وە ڕای گشتی ڕادەگەیەنین کە کەمپەینی ئێمە بەهەمان شێوازی شارستانیانەی پێشوی خۆی کارەکانی دەباتە پێشەوە تا دکتۆر کەمال بیٚ قەیدو بەند ئازاد دەکرێت و بەحورمەتەوە دەگێردرێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆی.

**کەمپەینی ئازادی بۆ د.کەمال سەید قادر– دەستەی سەرپەرشتیار**

**2006-1-25**